# شێخ عومەر بەرزنجی ـ باڵیۆزی عێراق لە لوبنان:

# من لیرە بە رۆحی گفتوگۆ ناسراوم، کە لە بنەڕەتدا لە یەکگرتووی ئیسلامییەوە هێناومە ..

بەیروت/ تایبەت بەیەکگرتوو

**شێخ عومەر بەرزنجی ـ باڵیۆزی عێراق لە لوبنان لەسەر کوتلەی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، جیا لەوەی کە وەکو نوێنەری عێراق لەو وڵاتە کار دەکات، لەهەمان کاتدا بە کەسێکی چالاك و بەئەزموون دەرکەوتووە بۆ کۆکردنەوەی جالیەی کوردی و بەرز ڕاگتنی شان‌وشکۆی هەرێمی کوردستان و هاندانی سەرمایەداران بۆ ئەنجامدانی کاری وەبەرهێنان لە کوردستان.**

**ئەمەش دەقی ئەو چاوپێکەوتنەیە کە رۆژنامەی یەکگرتوو لە بەیروتەوە لەگەڵی ئەنجامداوە..**

یەکگرتوو: بارودۆخی لوبنان و عێراق لە هەندێك رووەوە لێك دەچن، تێروانینی بەڕێزتان چییە بۆ دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتی عێراق بەراورد بە لوبنان؟

شێخ عومەر بەرزنجی: هەڵبەتە لوبنان وڵاتێکی دیموکراسییە، بەڵام ئەو فرەلایەنی ئاینی و مەزهەبییە وای کردوە پێویستە بۆ هەموو شتەکان حیساب بۆ ئەو فرەییە بکرێ، هەمووی پێکەوە ببینێ، هەر بۆیە رێککەوتن لەسەر شتەکان بە تەوافوق کارێکی ئاسان نییە، بەڵام بەبێ تەوافوقیش ناکرێ، لە دامەزراندنی هەموو حکومەتێکی تازەدا دواکەوتن روو ئەدات و وەکو عورفێك وایە، لێرە ئەبێ سەرۆك کۆمار مەسیحی مارۆنی بێت، واتە ئەبێت کەسایەتیەك بێت لەناو مەسیحیە مارۆنیەکاندا لەناو هەموو لایەنەکاندا قبوڵ بێت و هەروەها رازی بن، سەرۆك وەزیران ئەبێ سوننی بێت، لەبەر ئەوە ئەبێ هەموو لایەنەکانی تر رازی بن، هەروەها سەرۆکی پەرلەمان ئەبێ شیعە بێت، لێرەدا لەڕاستیدا سەیری ئەوە ئەکرێت کێ دەنگی زۆر هێناوە، ئەگەر سوننەکان خۆیان دەنگی زۆر بهێنن، ئەو کەسە سوننیە دیاری ئەکەن کە خۆیان ئەیانەوێت، بەڵام حیساب بۆ لایەنی بەرامبەریش ئەکەن، بەڵام ئەگەر شیعە دەنگی یەکەم بهێنێت، ئەوکاتە ئەوان سوننیەك دیاری ئەکەن، کە خۆیان بیانەوێ و هەوڵیش ئەدەنە لایەنی سەننی لەو کەسە رازی بێت، واتە ئەگەر دەنگی یەکەم شیعەیش بیهێنێت، بەڵام هەر ئەبێت سەرۆك وەزیران کەسێکی سوننە بێت، بەڵام سوننەیەك نزیك بێت لە شیعەکانەوە و ئەوان خۆیان دیاری ئەکەن. ئەم کارە تەوافوقییە خۆی لەخۆیدا پێوستی بە کات هەیە و لە کاتیش ئەبات. لێرە من ئەڵێم بە جۆرێك لە جۆرەکان لەیەکچوونێك هەیە لەنێوان عێراق و لوبناندا، ئەگەریش لە عێراق حەتمی نەکراوە کە سەرۆك وەزیران بۆ کێیە و سەرۆکی پەرلەمان لەکێیە، بەشێوەیەك لە شێوەکان ئەو شتە هەیە تەقریبەن جێگیر بووە، کە ئەبێت سەرۆك وەزیران لە عێراقدا ئەبێت شیعە بێت، جا ئەوکاتە شیعەیە ئەبێت حیساب بۆ ئەوە بکرێت سوننەکان لێی رازی بن کورد لێی رازی بن، کە کورد خۆی وەکو کورد مەشروعی خۆی هەیە، نەك وەکو سوننی، یان شیعی، بەڵام لەوانەیە جێگەی سەرۆکی کۆمار و سەرۆکی پەرلەمان گۆڕانکاری بەس بێت، جاری پێشوو وابوو کە پۆستی سەرۆکی کۆمار درا بە کورد بە بەڕێز جەنابی مام جەلال و سەرۆکی پەرلەمان درا بە سوننە، ئەم جارەش رامان وایە کە هەر وا ئەمێنێتەوە، بەڵام مەرج نییە بۆ جارێکی تریش ئەم شتە جێگیر بێت، ئەم فرەییە لە دەسەڵاتدا ئەبێتە هۆی دواکەوتن، ئەم تەوافوقات و دانیشتنانە و رازینەبوونی لایەنەکان لەیەکتر، خۆی لەخۆیدا کاتێکی زۆری ئەوێت، کە ئەوەش لەسەر حیسابی دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتە.

یەکگرتوو: بارودۆخی ناسەقامگیری عێراق و تەنگژەی پێکهێنانی حکومەت، کاریگەری سەلبی نەکردۆتە سەر کاری سەفارەتەکەتان لە لوبنان؟

شێخ عومەر بەرزنجی: بارودۆخی سیاسی دواکەوتنی حکومەت کاریگەری لەسەر هەموو موئەسەسەکانی عێراق کردوە، کاتێك کە حکومەت وەك حکومەتێکی تەصریف ئەعمالی لێدێت، زۆرێك لە شتەکان دوائەخات بۆ دواتر، رەنگە ئێمە وەك سەفیر پرسیارمان لێ ئەکرێت کە بارودۆخی پێکهێنانی حکومەت گەیشتوەتە کوێ، ئێمەیش جۆرێك لە بێ وەڵامی ئیحراجبوونێك رومان تێئەکات، رەنگە نەفسیەن وا خۆشتر بێت کە وەڵاممان ئەوەبێت بڵێین ئەوە حکومەت دامەزرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئیش و کاری سەفارەت هەر ئەڕوات و ئەو کارەی پێشتر ئەمانکرد، ئێستایش بەردەوامین لەسەری، لەبەرئەوەی سەفارەتەکان زیاتر لایەنی جێبەجێکارن، کاریگەری زۆر بەسەریەوە نەبێت، ئەوەندەی کاریگەری لەسەر وەزارەتەکان هەیە، چونکە حکومەتێکی دامەزراو بڕیارێکی زیاتری لێوە دەرئەچێت وەك لە حکومەتێکی جێبەجێکار، بۆیە کاریگەری دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت لەسەر وەزارەتی خارجیە کاریگەریەکی ناڕاستەوخۆ لەسەر سەفارەتەکان ئەکات، لەبەرئەوە ئەتوانم بڵێم پێکنەهێنانی حکومەت کاریگەریەکی ناڕاستەوخۆی هەیە.

یەکگرتوو: شەقامی لوبنانی هەستیان چۆنە بەرامبەر دۆزی کورد؟

شێخ عومەر بەرزنجی: وا ئەزانم لە لوبنان وەزعی کورد زیاتر روون ئەبێتەوە، سەردانی جانابی سەرۆکی هەرێم کاریگەرییەکی ئیجابی گەورەی هەبوو لەسەر ساحەی لوبنانی، مەسەلەی بەرهەمهێنان لە کوردستان هان دەدەم و داوا ئەکەم کوردستان بە حکومەت و بە خەڵکەوە زۆر جوان پێشوازی لە بەرهەمهێنان بکەن لە کوردستاندا، کە هەر وایان کردووە و من دوای زیاتر ئەکەم، لەبەر ئەوەی کاریگەریەکی ئیجابی لێ ئەکەوێتەوە لە کاتی گەڕانەوەی ئەو وەبەرهێنانە بۆ لوبنان وێنەیەکی زۆر جوانی کوردستان ئەگەیەنن، لەبەرئەوە وا ئەزانم رۆژ بەڕۆژ شەقامی لوبنانی هەستیان بەرامبەر بە دۆزی کورد باشتر ئەبێت، ئێمەیش هەڵبەتە رۆڵی خۆمان هەیە و ئەزانن کە سەفیری عێراق لە لوبنان کوردە و ئامادەبوونیشمان هەیە لە زۆربەی شوێنەکاندا، لەگەڵ سیاسیەکاندا، لەگەڵ زانکۆکاندا، لەگەڵ مونتەدایاتی سەقافیدا، لە شوێنە ئاینیەکاندا وا ئەزانم ئاوا بەرەوپێش ئەچێت.

یەکگرتوو: وەك باڵیۆزێکی کورد چیتان کردووە بۆ راکێشانی هەست و رای بەرپرسانی لوبنان بەرامبەر کورد و دۆزە رەواکەی؟

شێخ عومەر بەرزنجی: بەتەئکید ئیشمان زۆر کردووە لەسەر هەموو خەڵکی لوبنان، سیاسییەکان، ئەو لایەنانەی کە باسمان کردن، بۆ ئەوەی رایانکێشین بەلای قەزیەی کوردیدا، بۆئەوەی قەزیەی کوردی بە حەق بزانن و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە حکومەتێکی شەرعی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا تێبگەن و بیناسن و رێزی لێ بگرن، هاتوچۆ و پەیوەندی هەیە لەنێوان هەرێم و لوبناندا تا ئەو ئاستەی کە جەنابی سەرۆکی هەرێم تەشریفی هێناوە بۆ ئێرە، سەرۆك وەزیران خۆی هاتووە بۆ فڕۆکەخانە و پێشوازی لێ کرد، بوونی لەناو لوبناندا جێگای تەرحیب بووە، ئەو وەزیرە بەڕێزانەی لەگەڵ وەفدەکەی جەنابی سەرۆکدا بوون، لیقایان کردووە لەگەڵ ئەو وەزیرە لوبنانیانەی کە هاوشێوەی خۆیانن، پێم وایە ئەمانە کاریگەرییەکی زۆر گەورەی هەیە کە سەفیر کورد بێ بۆ ئەم شتانە، بۆنمونە جارێکیان حکومەتی لوبنانی پرسیارێکیان لێکردین دەربارەی ئەوەی وەزیرێکی حکومەتی هەرێم پەیوەندی بە وەزیرێکی ئێمەوە دەکات، تۆ وەکو سەفیری عێراقی چی ئەڵێیت؟ ئێمە وەڵاممان چۆن بێت؟ منیش وتم: هەر وەزیرێك لە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کاتێك کە پەیوەندی ئەکات بە وەزیری بەرامبەرەکەی لە لوبنان، ئەو تەسەڕوفە تەسەڕوفێکی قانونییە و لە زمنی تەسەڕوفی دەوڵەتی عێراقیدایە، لەبەرئەوە تکا ئەکەم بە رەسمی وەریبگرن. لەوکاتەوە ئەوان ئەمە بە رەسمی وەرئەگرن. ئەوان گۆی لە سەفیر ئەگرن، چونکە سەفیر تەمسیلی رەئیسی عێراق ئەکات، ئێستا سەرۆکی عێراق (جەنابی مام جەلال) کوردە، وابزانم ئەگەر جارێکی تر سەرۆك کورد نەبێ و سەفیرەکەش کورد نەبێت، ئەو سەفیرە چ وەڵامێك بداتەوە، ئەو وەڵامە وەڵامێکی رەسمییە.

یەکگرتوو: کارتان نەکردووە بۆ کردنەوەی کونسولگەری لوبنان لە هەولێر؟

شێخ عومەر بەرزنجی: ئەوە شەئنێکی وەزارەتی خارجییە، ئەبێت وەزارەتی خارجیەی عێراق داوای کارێکی ئاوا لە من بکات، ئەوکاتە من کاری بۆ ئەکەم. هەڵبەتە ئەو کارە لەمنەوە دەست پێناکات، من لایەنێکی جێبەجێکارم و بڕیارەکان تەنفیز ئەکەم.

یەکگرتوو: بەرپرسانی وڵات پەیوەندییان چۆنە لەگەڵ بەڕێزت وەك کەسایەتییەکی کورد و باڵیۆزی عێراق؟

شێخ عومەر بەرزنجی: وابزانم وەڵامی ئەمەم داوەتەوە، بەردەوام لەو موناسەباتانەی کە ئەوان هەموویان ئەیکەن، ئێمە ئامادەین لە کۆشکی کۆماری لای سەرۆکی وڵات، سەرۆك وەزیران، یان سەرۆك پەرلەمان، یان ئێمە دەعوتمان هەیە بۆ وەزیرەکانی ئەوان، هیچ جیاوازییەك نییە لە پەیوەندی بەرپرسانی لوبنانی لەگەڵ من وەکو سەفیرێکی کورد لەگەڵ سەفیرەکانی وڵاتانی عەرەبی تر لە لوبنان ئەوان مامەڵە لەگەڵ سەفیری عێراق دەکەن، بەڵام من لەگەڵ ئەوەشدا توانیومە کوردبوونی خۆم بگەیەنم، زۆر جار من لێرە بە کوردی قسەم کردووە و بە جلی کوردیشەوە دەرکەوتووم، کە ئەمە کارێکی ئاساییە لە لوبنانێکی دیموکراسیدا .

یەکگرتوو: کەسایەتی بەڕێزت وەك ئیسلامی و وەك یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانیش، چ رۆڵێکی بینیوە لە کاری سیاسی و دیبلۆماسیی سەفارەتدا؟

شێخ عومەر بەرزنجی: ئەو ئەخلاقیاتانەی کە پەروەردە بووین تێیدا، زۆر جار رەنگ ئەداتەوە لە ئەخلاقیات و هەڵسوکەوتماندا، لە میانەڕەویماندا لە رۆحی حیوارماندا، من مەشهورم بە رۆحی حیوار لەم وڵاتە ئەم رۆحی حیوارە، لە بنەڕەتدا من لە یەکگرتووەوە هێناومە، کۆمەڵێ لەو رۆحیەتانەی کە لەمندا هەن، قبوڵکردنی بەرامبەر، ئەو شتانەی کە زۆر کاریگەریان لەسەر من هەبووە، ئەو قۆناغە پەروەردەییانەیە کە لە یەکگرتوودا پێیا رۆیشتووم، بۆیە قبوڵی بەرامبەر ئەکەم ئەگەر لەمنیش جیاواز بێت، لە دین و لە لایەنیش، کە ئەمە شتێکە لەناو یەکگرتوودا تەواوی رەنگدانەوەی هەیە لە هەموو ئەندامەکانیدا، کاتێك لە منیشدا رەنگی داوەتەوە، بووە بە لایەنێکی زۆر ئیجابی لەسەر سیاسەتی عێراقی، من وائەزانم هەرکەسێك بە ویژدانەوە تەماشا بکات، ئەزانێت کە من کاریگەرییەکی زۆر گەورەم هەیە لەسەر مەسیحیەکان، لەسەر مسوڵمانەکان، سوننی و شیعە، ئەمە هەر ئەو رۆحی حیوارەیە کە لە یەکگرتووەوە هێناومە و لە ئەدەبیاتی یەکگرتوودا هێناومە، خەڵك تا چەند دەرك بەم راستییە ئەکات، وا ئەزانم بە بەرەوپێشچوونی کات ئەبێت بیزانن، بەتایبەتی ئەمە هەر من نیم وام، بەڵکو هەموو ئەندامانی یەکگرتوو لە هەر شوێنێك هەن، بە هەمان رۆحەوە قسە ئەکەن، لەبەرئەوە ئێستە لوبنانیەکان ئەو رۆحەی کە لەمندا دەیبینن، زۆر لایان قبوڵە، منیش بەئەمانەتەوە ئەیلێم، ئەوە رۆحی یەکگرتوو بووە کە بەرامبەر قبوڵ ئەکات، ئەگەر جیاوازیش بێت، قورئانیش ئەفەرموێت ﴿فمن شاء فليؤمن ومن شاء فليكفر﴾، هەر یەکگرتووە باش لەمە تێئەگات کە ئینسان ئیرادەی هەیە و ئینسان موخەییەرە موسەییەر نییە.

هەڵبەتە کاتێك کە سەفیری عێراقیت لە وڵاتێك، ئەبێت وەکو سەفیری عێراق قسە بکەیت، کاتێك کە لایەنێك تۆی ناردووە، حاڵەتێکی ئاساییە هەموو لایەنەکان خەڵکیان هەیە لەناو سەفارەتەکاندا و سەفیریان هەیە، بەڵام کاتێك وەکو سەفیری عێراق قسە ئەکەیت، بۆ هەمووان بەیەکەوە قسە ئەکەیت و هەمووان وەك یەك تەماشا ئەکەیت، لەوێدا قووەتی تۆ دەرئەکەوێت، وائەزانم سەرکەوتنی من لە لوبنان سەرکەوتنە بۆ عێراق و لەوێیشدا سەرکەوتنی من کاریگەری بۆ یەکگرتوو هەیە، خۆی لەخۆیدا و لە خیلالی تۆوە حیزبەکەت ئەناسرێت، وەکو چۆن پێشتر لە خیلالی حیزبەکەتەوە تۆ ناسراویت، کە ئەمە ئیشارەتێك بوو جەنابی ئەمینداری گشتی بەڕێز (مامۆستا صەلاحەدین) لە کۆنگرەی پێشوودا ئاماژەی پێکرد و وتی: " ئێمە کەسایەتیمان هەیە کە لە خیلالی یەکگرتووەوە ئەناسرێن و یەکگرتوویش لە خیلالی ئەوانەوە ئەناسرێت". ئەتوانم بڵێم باشترین قسە ئەوە بێت بیکەم کە لە خیلالی ئێمەوە لە زۆر موئەسەساتی لوبنانی یەکگرتوو ناسراوە، کە ئەوە بۆ خۆی دەسکەوتە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێ مامەڵەکەمان مامەڵەیەکی دەوڵەتی بێت و ئیش بۆ هەموو کەسێك بکەین و ئیشەکانمان ئیشی حیزبی نەبێت و ئیشی دەوڵەتداری بێت، ئەگەر هەر لایەنێکی، ئەبێت ببیت بە خێر بۆ هەموو عێراق، دوای ئەوە تۆ ئیستیفادەی خۆت بکەیت بۆئەوەی ئەو قازانجە بە ناڕاستەوخۆ بگەڕێتەوە بە قازانجێکی راستەوخۆ.

یەکگرتوو: هەوڵتان نەداوە بۆ زەمالەی خوێندن بۆ قوتابیانی کورد لەو وڵاتە؟ یان بۆ بەشداری ئەو خول و نەدەواتانەی لە لوبنان دەکرێنەوە؟

شێخ عومەر بەرزنجی: وائەزانم زەمالە ئیتیفاقاتە ئەکرێت لەنێوان عێراق و لوبناندا و لەنێوان وەزارەتەکانی خوێندنی باڵای عێراق و کوردستان و لوبناندا، ئێمە پەیوەندیەکان دروست دەکەین، بەڵام دواتر ئەو زەمالەیە لەنێوان ئەو وەزارەتانە خۆیاندا ئەکرێت.



**هەوڵم داوە وا لە شەقامی لوبنانی بگەیەنم کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە حکومەتێکی شەرعی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا بناسن و رێزی لێ بگرن ..**

**حکومەتی لوبنانی پرسیارێکیان لێکردین دەربارەی ئەوەی وەزیرێکی حکومەتی هەرێم پەیوەندی بە وەزیرێکی ئێمەوە دەکات، تۆ وەکو سەفیری عێراقی چی ئەڵێیت؟ منیش وتم: هەر وەزیرێك لە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کاتێك کە پەیوەندی ئەکات بە وەزیری بەرامبەرەکەی لە لوبنان، ئەو تەسەڕوفە تەسەڕوفێکی قانونییە و لە زمنی تەسەڕوفی دەوڵەتی عێراقیدایە.**

